## نامەیەك بۆ هەردوو بەڕێزان  كاك مەسعود بارزانیو نێچیرڤان بارزانی

سڵاوتان لێ بێت

ئێمە كە چەند خێزانێكی پارتین ، هەر لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولەوە ، چارەنووسمان تێكەڵ بە چارەنووسی پارتی بووە و لەو ڕێگایەشەوە ، دەیان شەهیدو بریندارو پەككەوتەی شۆڕشمان هەن . بەڵام لەگەڵ ئەو قوربانی و ماندووبوونەشماندا ، زۆر بەختەوەرین ، چونكە ئەركی سەر شانی هەموو كوردێك بووە ، لە پێناوی گەلەكەیداو لە پێناوی ئەو ڕێبازەی بارزانی پیادەی كرد تێبكۆشێو قوربانیشی بۆ بدات ، ئەوە بوو ئێمە كەمتەرخەمیمان نەكرد. بەڵام ڕێبازی بارزانی ئەوەیە كە ئێمە خەباتمان بۆی كردو بۆی تێكۆشاین، ئەوەیە هەر شتێك لە خزمەتی میللەت دا نەبێت ، پێویستە بە خێرایی چارەسەری بكات ، لە سەردەمی بارزانی نەمردا هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان بارزانی نەیدەهێشت خۆ فرۆشێك كە خیانەتی بە موقەدەساتی میللەتەكەی كردبێت لە دەسەڵات نزیك بێتەوە ، ئەم هەڵوێستە كوردانەیە لە ئیدریسی هەمیشە زیندووشدا ڕەنگی دابووەوە، ئەی باشە جەنابی سەرۆك كە باوكت ئەو هەڵوێستانەی هەبوو ، هەر ئەم هەڵوێستانەیشی بوو ، گەیاندیە چڵەپۆپەی خەبات و ئەمڕۆش ڕەمزێكی رووحی و نەتەوەییە، بۆ هەمووكوردان ، پرسیار ئەوەیە ، ئەی باشە  جەنابت كە كوڕی ئەو مرۆڤە گەورەیەیت ، بۆچی دوژمنانی گەل دەكەن بە واجیهە، بۆچی وەڵامی خەڵكی دارەتوو نادەیتەوە ، كە ئەوە یەك مانگە ، هاوار هاواریانە لە دەست ئەو جاش و ئەمن و ئەنفالچییەی كە كراوەتە مدیر ناحیەی دارەتوو ؟؟. بۆچی وەڵامی كەس و خزمی شەهیدو ئەنفال كراوەكان نادەیتەوە ، كە ئەوە دەیان نامە ئاراستەی جەنابت دەكەن ؟؟چۆن دەتوانی لە بەعسیەك بێدەنگ بیت ، كە پێشتر لە سەردەمی بەعس فەوجی لە دارەتوو هەبووەو بە بەڵگە خەڵكی بێ گوناحی گرتووەو باوكە خائینەكەشی خەڵكی ئەنفال كردووەو خاوەنی  (٧)  حەوت نۆتی شوجاعەیە، كەچی هەر ئەو كوڕە ئیمڕۆ ببێتە مدیر ناحیەی دارەتوو ، ئاخر هێشتا شوێنەواری  ڕەبایەكانیان لە دەورو بەری دارەتوو هەر ماوە!!

بەڕێز كاك نیچیرڤان بارزانی تۆ كە كوڕەزای بارزانی نەمرو كوڕی ئیدریسی هەمیشە زیندووی ، ئەو ئیدریسەی كە شەهامەتی لێ دەباری ، ئەو ئیدریسەی كە دوژمنی سەرسەختی بەعسیەكان بوو، ئێستاش ئیدریس  ڕەمزی بەرەنگاربوونەوەی بەعسە ، ئەی چۆن دەتوانی لە بەرامبەر بەعسیەكی وەكو مدیر ناحیەی دارەتوو بێدەنگ بیت ؟؟بۆچی لای نادەی ؟؟ ئەو بەرژەوەندییانە چین كە مدیر ناحیەكی تا ڕۆژی  ١١ی ئادار كە هەولێر ڕزگار كرا  ئەو كوڕە فەوجی لە دارەتوو هەبوو، خەڵكی ئازارو ئەشكەنجە داوە ، ئەو خەڵكانەی ئەو گرتوونی هەندێكیان ئێستاش  لە دارەتوو دەژین و ، لە سایەی ئێوە ئێستاش هەر لە ژێر ڕەحمەتی ئەو جاشەن و مدیر ناحیە لافی پارتایەتیان لەسەر لێدەدا !!!

پێویستە پارتی بوار بۆ هیچ كەسێك نەدات كە ڕابردوویەكی خراپی هەیە ، بكرێ بە واجیهە ، هەر هیچ نەبێ كەسێك بێنن كە ڕابردوویەكی هێندە پیسی نەبێت .بە گەرمی داوا دەكەین بە زووترین كات ئاوڕێك لە شعوری خەڵكی دارەتوو بدەنەوە، داواكاری ئەم هەموو خەڵكە پشت گوێ مەخەن .

**باوكی ئەو شەهیدانەی كە كوڕو براكانیان لە كەپكی حەمەدئاغاو كڵاو قاسم بە پارتی بەخشی!!**